ئەدهەم بارزانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵی پێکهێنانی هاوپێمانێ لەگەڵ گرووپێ چەکدارەکانی سەر بە ڕژێمی ئێران

ئەدهەم بارزانی لە چەند شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ چەکدارێ کوردەکانی سەر بە ڕژێمی ئێران کەبووەتەوە هەوڵی ڕاکێشانیان بە ناو حیزبوڵەای شەشگەڵی کوردستان دەدات کە لە هەرێمی کوردستان دایمەزراندووە.

بەگوێرەی ئاژانسی (ڕۆژهەڵات نیوز)، ئەدهەم بارزانی لە هەفتەی ڕابردوودا لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری کوردی سەر بە ڕژێمی ئێران کەبووەتەوە داوای لەکردوون کە هاوکاری حیزبوڵەای کوردستان بکەن، کە لە هەرێمی کوردستان دایمەزراندووە.

بەپێی زانیارییەکان، ئەدهەم بارزانی لە دوو مانگی ڕابردوودا بەهەمان مەبەست لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری کوردی ڕژێمی ئێران لە شارەکانی مەریوان و شنە کەبووەتەوە.،لەهەموو کەبوونەوەکانیش ئەدهەم بارزانی پێی ڕاگەیاندوون کە دەتوانن ئەندام و چەکدارەکانی حیزبووەای کوردستان لەهەردوو دیوی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەکەڵە بکەن و هەزێکی هاوبەش پێکبهێنن.

حیزبوڵەای شەشگەڵی کوردستان...

ڕۆژی 17ـی کانوونی یەکەمی 2024، گرووپی چەکداری حیزبوڵەای شەشگەڵی کوردستان دامەزراندنی

ڕاگەیاند، حیزبوڵڵای شەڕشگێڕی کوردستان لە بەیاننامەی دامەزراندی بەاویکردەتەوە، الحمد رب العالمین، والصلاة والسلام علی سیدنا محمد و آله و صحبه اجمعین، پاش زۆر بوونی تاوان و دژایەتی ڕژێمی زایۆنی ئیسرائیل دژ بە مزڕووومان و موسڵمانان و نیشانە پیرۆزەکانی ئیسلام، بەتایبەتی مزگەوتی ئەلئەقسا و خاکە دەست بەسەر گیراوەکانی جەلان، وە بە بەرزبونەوەی کردەوە پیلانگێڕیەکانی ئەم ڕژێمە غاسبە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، گروپێک لە لاوەکان و جیهادیەکان بە بەوای دینی و ئەرکی خۆیان، ڕووشی دامەزراندنی "حیزب اللهی شەڕشی کوردستان" یان دانا.

ئامانجی دامەزراندنی ئەم گروپە ئامانجەکی جیهادی و عەقیدەتیە، وەک وەامدانەوەیەک هەمبەر ڕووشە دژبەرانەو پڕژە خیانەتکارانەی زایۆنیەکان و هاوپەیمانانیان بەرامبەر بە موسڵمانان لە ساڵانی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان.

حیزبوڵڵای شەڕشگێڕی کوردستان دەشێت: ئەمە پەیمان ئەدەین لەمودوا هەر شەخسەک یان گروپەک هەوادار و پشتیوانی ئەم ڕژێمە داگیرکەرە بێت، یان هاوکاریان لەگەڵدا بکات، یان بە هەر شێوەیەک دژ بە موسوڵمانان پەیوەندی لەگەڵیان هەبێت دەبێتە ئامانجی جواب دانەوەی ئەم حزبە جیهادیە.

ئەمە بەیار ئەدەین کە هەر شەخسەک یان گروپەک لە ڕژیمی زایۆنی ئیسرایەیل یان هاوکارەکانی کە لە خوێنشتنی موسڵمانان دەستی هەبێت بە سزای خۆیان دەگەن لە لایەن ئەمەو.

"حیزب اللهی شەڕشگێڕی کوردستان" بە شێوەیەکی سەربەخۆ، ناونیناس، جیهادی تەدەکەشت سەبارەت بە هەمو پیرۆزیەکانی ئیسلام، کەامەت و مافی ڕەوای موسڵمانان و خەباتی بە پسانەوەی خۆی بەرامبەر ڕژیمی جنایەتکاری ئیسرایەیل و هەمو هاوپەیمانانی درێژە دەدات.

ئەمە ڕەگەی ئەمەیە و تا کاتێک عەداڵەت جەبەجێ بکەین و زوڵم کۆتایی پێبهێنرێت، هەمو کات بەرەو پێش دەڕوین، هەروەک حیزبەکە ڕایگەیاندووە.